# ئیسلامی سیاسی یان ئیسلامی چالاک

## بەشی یەکەم

**خالید عەلی فەرەج . سوید**



لەوەتەی چالاکی مرۆڤ سەری هەڵداوە لە بواری تەشەنە کردن و بڵاوبوونەوەی هزر و بیری پەلکێشان جۆرەها ناو لەم چالاکیانە نراوە، کاتێک ڕۆژئاواییەکان و دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان بەرەو پەلهاویشتن هەنگاویان نا نازناوی سەرمایەداری و ئیمپریالی و داگیرکەر و زۆر شتی وایان بەسەردا بڕا، هەر هەموو ناوەکانیش بنەمایەکیان هەبوو کە دەبوایە وا بووترایە، بەڵام هەتا ئێستا بۆ پەلهاویشتنی باوەڕی ئیسلامی نە خۆیان و نە ناحەزانیشیان ناوێکی وایان بۆ نەدۆزیونەتەوە کە چاوەڕێی گۆڕینی لێ نەکرێت. سەرەتا بەناوی ئیسلامی ئوسوڵی و پاشان ئیسلامی سیاسی و ئێستاش بە فەندامینتالیستی ئیسلامی پەنجەیان بۆ ڕاکێشاون، تۆ بڵێی لە تێنەگەیشتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە بێت کە ناتوانن ناوێکی هەمیشەییان بەسەردا ببڕن و هەموویان لەسەری کۆک بن و ڕێکبکەون بە ئیسلامیەکان خۆیشیانەوە. کاتێک ئەمەریکیەکان عێراقیان ڕزگار کرد دۆست و دوژمنیان هەبوو و جۆرەها ناویان لێ نان، کەچی کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان بە نازناوی داگیرکەرەوە ناساندنیان خۆیشیان وەک یاسا وەریان گرت، کەواتە ناوێکی گونجاو بۆ هەموو چالاکیەکی سەربازی و ئابووری و تەشەنە کردن بەڕەوا دەبینرێت، کەچی لەگەڵ ئیسلامیەکاندا ئەمە نەهاتۆتە دی. هەربۆیە من لێرەدا و لەم ووتارەدا بە ئیسلامیە چالاکەکان ناویان دەبەم کە ڕەنگ بێت لای خۆم گونجاو تر بێت بۆ ئەو مەبەستەی کە لێی دەدوێم، مەبەستیشم ئەو چالاکیانەیە کە لە کرداری جیهادییەوە دەردەکەوێت بە هەموو جۆرەکانی جیهادەوە.

نەک تەنها لە ناو هێنانیدا بەڵکو لە مێژووی سەرهەڵدانی ئەو چالاکیانەیشەوە یەکدەنگیەک نابینرێ کە هەمووان لەسەری ڕێکبن. هەندێ مێژووەکەی دەگەڕیننەوە تەنها بۆ سەرەتای هەشتاکان و هەندێکی تر بۆ زووتر، بەڵام زۆرینەی نوسەران لەسەر ئەوە کۆکن کە ساڵی 1928 بە سەرەتایەک دابنێن بۆ بەکارهێنانی ئەو ووشەیە ئیسلامی سیاسی. ناوهێنان و کاریگەری چالاکیەکانیشیان بۆ سەر کۆمەڵگای ئێمە مێژووەیەکی تایبەتی خۆیی هەیە و هەڵوێستی دانیشتوانیشی لەسەر هەڵچنراوە، جا بۆ ئەوەی کە لەو چالاکیانە بگەین پێویستە هەقی خۆی بدەینێ و وەک خۆی باسی بکەین بۆ دوورکەوتنەوە لە ماکی توندڕەویەکانی و ناکرێ هەروا تەماشاکەر بین و چاوەڕێی دووبارە بوونەوەیشیان بکەین.

پێمان خۆش بێت یان نا ئیسلام باوەڕێکی پتەوی موسوڵمانانە و هەموو کاتێکیش ئامادەیی ئەوەیان تیایە گیانی تیا بەخت بکەن و بەهیوایشن بۆی، چونکە گرنگی فەلسەفەکە لەوەدایە کە هیوای بە دوای مردن داوە نەک وەک هیواکانی تر بە پێشکەوتنی دونیایی یان بە بردنەوەی پێشبڕکێیەک کۆتایی بێت، هەر ئەمەیە وای کردووە کە کەسانی موسوڵمان حسابی جدی و تایبەتیان بۆ بکرێت لە هەموو کات و شوێنێکدا، کەواتە بە جدی گرتنی بابەتەکە وەک خۆی ترس کەم دەکاتەوە بۆ کاری توندوتیژی و کاردانەوەکانیان.

ئایینی ئیسلام لەڕووی مێژوویی یەوە دادەنرێت بە تەنها ئایینێک کە توانیبێتی لەسەردەمی سەرەتای تەشەنە کردنیدا بنەما و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری و سیاسی بهێنێتە کایەوە چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی وولاتدا، بە پێچەوانەی ئایینەکانی تر کە نەیانتوانیوە بنەمای دەوڵەت دابمەزرێنن، جائایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی سەرهەڵدانی ئایینەکە یان کلتووری ناوچەکە.

لەو کاتەوەی کە ئایینی ئیسلام لەسەر دەستی پێشەواکەیان پێغەمبەر (د.خ) سەری هەڵداوە هەتا ئیستا هەمان کاریگەری لەسەر باوەڕهێنەرانی هەبووە و کاریان بۆ کردووە، تەنها جیاوازیەک کە هەبووبێت ئاستی تێگەیشتنی کەسانی هەڵگری باوەڕەکە بووە لەگەڵ کلتوری ئەو کۆمەڵگایەی کە لێی دەژین.

گرنگە ئەوە بدرکێنین کە هەموو هەڵس و کەوتێکی موسوڵمانان لەسەریان دەکەوێت و ڕەزامەندی و توڕە بوونی خوای پێوە بەندە، هەربۆیە لەو پێناوەدا هەموو کاتێک لە هەوڵی ڕەزامەندی خواکەیاندا بوون و بۆ ئەوەش ویستوویانە هەڵسوکەوتی دەوروبەریشیان بۆ ئەو ڕەزامەندیە بگۆڕن، کەواتە هەر لەسەرەتاوە ئامادەیی گیانبازیان تێدا هەبووە و لەهەر شوێنێکیشدا لەو ئاواتە دڵنیا کرابنەوە هێمنی تێدا بەدی دەکریت. تەنها کێشەیەک کە ڕووبەڕوی موسوڵمانەکان بووبێتەوە خواستی لادانی ئەو ڕەزامەندیە بووە، ئەم فەلسەفەیە لە گەلێکی وەک عەرەبەوە دەرکەوتووە کە خاکەکەیان گوزەرانێکی ئاسانی تیا نەبووە پێش دەرکەوتنی نەوت، هەربۆیە ڕێخۆشکەریەک هەبووە وەک پێویست بوونێکی زیاتر کە چالاکی بۆ ئەنجام بدەن بەتایبەتی هیچ گەلێکی دراوسێیان باوەڕێکی پتەوی ئایینی وایان نەبووە کە بتوانن ململانێی لەگەڵ ئیسلامدا پێ بکەن، هەربۆیە دەبینین لەکاتی بێ دەسەڵاتی عەرەبیشدا گەلانی دراوسێش هەمان هۆیان بەکار هێناوە بۆ دەسەڵات گرتنە دەست و جیاوازی شیکردنەوەی شەرعیش ڕێخۆشکەری ئەمە بووە، عوسمانیەکان نەک هەر مەزهەبی شافیعیان پاراستووە بەڵکو خەلافەتیشیان گوێزایەوە بۆ لای خۆیان، بەهەمان شێوە سەفەویەکان بۆ بوونی پاکانەیەکی جیا لەعوسمانیەکان زۆر بە خێرایی مەزهەبی جەعفەری تەشەنەی کرد.

ئەگەر کەمێک بڕوانینە مێژووەکەیان دەبینین ئیسلامیە چالاکەکان هەر لە سەرەتاوە بەبیانووی کردنەوەی دەوروبەرەوە ( فتوحات ) دەستیان گەیاندۆتە گەلانی دەوروبەریان، کە بیانووی ئەم داگیرکردن و فتوحاتانە لەلایەکەوە بەنەفام دانانی گەلانی بەدەر لە ئیسلام و هێنانیان بۆ سەر ئیسلام بە ئەرکێکی ئایینیەوە بەستراوەتەوە و بەیەکێک لە بنەماکانی باوەڕهێنانی کەسی موسوڵمان دادەنریت، کە لە قورئاندا داوای لێ کراوە. لەلایەکی تریشەوە خواستی پایەبەرزانی ئابووری ناو ئەو کۆمەڵگایانە کە ویستوویانە تەشەنە بکەن یان ئەوانەی کە ویستوویانە بچنە ناو سنوورەکەوە ڕێخۆشکەرێکی تر بووە. هەر بۆیە دەبینین هەندێ لەو فتوحاتانە تەنها لەڕێی نامەیەکەوە بووە یان گەلان و دەوڵەتان خۆیان پەیوەندیان کردووە، ئەوەش لەبەر دوو هۆ لەلایەکەوە بەکەم زانینی باوەڕی خۆیان لەچاو ئیسلامدا و لەلایەکی تریشەوە دوور کەوتنەوە لەو شەڕانەی کە چاوەڕێیان دەکرد لە ئیسلامیەکان و بەتەنها ڕاگەیاندنی بە ئیسلام بوون ئەو شەڕانەیان لێ دوور دەکەوتەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستەش جۆرەها دەوڵەت و دەوڵەتۆکە و ئیمپراتۆریەت و هەرێمی وا هەبووە کە پشت بە شەریعەتی ئیسلام ببەستێت لە بەڕیوەبردنی کاروبارەکانیاندا وەک سەرهەڵدانی دەوڵەتانی عەباسی و ئومەوی و عوسمانی و سەفەوی و زۆری تر.

بەهاتنی عوسمانییەکان و هەڵگرتنی نازناوی خەلافەت ئەو چالاکیانە کەوتنە قۆناغێکی نوێوە و کرایە جێبەجێ کردنی ئاواتی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی کە گۆڕانکاریەکی گەورە بوو لە مێژووی نوێدا، گۆڕانێکی گرنگی تریش لە تەشەنە کردنی ڕۆژئاواییەکانەوە دەست پێ دەکات بەتایبەتی بەریتانییەکان بەرەو هیندستان، کە لە کاردانەوەی بوونی ئەو ڕۆژئاواییانەدا لە ناو موسوڵماناندا دەرکەوت، ئەویش بە بیرمەندێکی وەک سەید ئەحمەد خان لە گوندێکی نزیک نیودەلهی بەناوی دیابوند کە بزوتنەوەیەکی سیاسی دامەزراند وەک نەویستنێکی بوونی کلتوری ڕۆژئاوایی، کە لەسەر مەزهەبی حەنەفی بنەمای شەریعەتی ئیسلامی کردبووە سەرچاوە فەلسەفیەکانی خۆی و ناوی بزوتنەوەکەشی هەر بەناوی گوندەکەیەوە ناسرا.

ئەم بزوتنەوەیە لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەدا قوتابخانەیەکی دامەزراند بەناوی ماڵی زانیاری دیوباند و مەبەستەکانی لەڕێی وانە ووتنەوەوە بڵاودەکرایەوە کە دەربارەی ئەم خاڵانە بوویەکتا پەرستی دواکەوتنی سونەتەکانی پێغەمبەر لە هەموو گەورە و بچوکێکداخۆشەویستی هاوەڵەکانی پێغەمبەرگرتنە بەری ئەو ڕێگایەی کە کۆنترین قوتابخانە فیقیەکان یان شەریعەتیەکان لەسەری چوون جیهاد لە پێناو خودادائەگەر تێبینی بکەین ئەم داوایانە زۆر لە داوای گروپە

ئیسلامیەکانی ئێستا جیاواز نیە.

لەسەرتاوە سەید ئەحمەد خان بۆ بەربەرەکانێی بەریتانیەکان لایەنگرانی هاندەدا کە خۆیان ڕۆشنبیر بکەن تەنانەت بە ئەزموونی ڕۆژئاواییەکانیشەوە بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار. ئەو دەویوست بناغەی دامەزراوەیەکی گەورەی فێرگە دابمەزرێنێت کە شان بدا لە شانی زانکۆکانی بەریتانیا و هەستا بە دەرکردنی بڵاوکراوەیەک بەناوی (خورەوشت چاککردن).

بەڵام پاشان هەر ئەم بزوتنەوەیە دەوری سەرەکی بینی لە دامەزراندنی دەوڵەت بە بنەمایەکی ئیسلامی. کاتێک کێشەی ڕوبەڕووبونەوە لەگەڵ هندۆزەکاندا سەریهەڵدا بەوەی لە ساڵی 1876 هیندۆزەکان سوور بوون لەسەر کردنی زمانی هیندی بە زمانی سەرەکی لە وولاتدا لە بری زمانی ئوردو، لێرەوە ئەحمەد خان ڕایگەیاند کەوا موسوڵمانەکان و هیندۆزەکان یەک نەتەوەنین و ڕێگر لەنێوانماندا هەیە و پێویست بە جیا کردنەوەیان دەکرێت. هەرچەندە بزوتنەوەکەی سەید ئەحمەد خان چەکدار نەبوو و هیچ خواستێکی توندڕەویشی نەبوو بەڵام کاریگەری ئەو قوتابخانەیە بووە هەوێنی جیابوونەوەی پاکستان لە هیند و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی و پاشان هەر ئەو درێژەپێدانەی ئەمان بەرەو بزوتنەوەی تاڵیبان ڕێچکەی بەرنەدا. لەناو پاکستانیشدا بنەمای گەڕانەوە بۆ سەرچاوە تەشەنەی کرد و سەید ئەبو ئەعلا مودود کە بە یەکێک لە کەسایەتیە بەناوبانگەکانی مێژووی پاکستان دادەنرێت کە لەژێر کاریگەری قوتابخانەی دیوباندیدا بووە بانگێشی دامەزراندنی دەوڵەتانی ئیسلامی کرد کە شەریعەتی ئیسلامی تێدا جێبەجێ بکرێت. لە ساڵی 1941 دا کۆمەڵێکی پێکەوە نا بەناوی (کۆمەڵی ئیسلامی) کە پێک هاتبوو لە بزوتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی کە ئێستا لەپەرلەمانی پاکستاندا 53 کورسیان بەدەستەوەیە لەسەرجەمی 272 کورسی. هەندێ لە نوسەران وای بۆ دەچن کە سەید قوتبی ئیخوان موسلمین لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی مودودیدا بوو بێت. مودودی هەرچەندە توشی گیران بوو بە هۆی ئەو ڕەخنە توندانەی سیاسیەکان لێیان دەگرت کە نەیاندەویست شەریعەتی ئیسلامی بکرێتە نەخشەی سیاسی دەوڵەت. بەڵام لە ساڵەکانی 1956 ەوە تا ساڵی 1974 چەندین لە وولاتان گەڕا بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕەکانی خۆی لە شێوەی سیمینار و دەرس ووتنەوە لە قاهیرە و دیمەشق و مەککە و مەدینە و جدە و کوەیت و ریبات و ئەستەنبوڵ و لەندەن و نیویورک و تۆرونتۆ.

کۆتایی بەشی یەکەم

khaledfaraj@hotmail.com